# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی


ژمارە: ٦٢ - ٢٠٢٥

گۆڤارێکی ئەکادیمی و زانستیی وەرزییە



**سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار**

حەمەسەعید حەسەن

**سەرنووسەر**

پ.د. کاروان عومەر قادر

**بەڕێوەبەری نووسین**

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

**دەستەی نووسەران:**

پ.د. قەیس کاکل تۆفیق

پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر

پ.د. بەختیار سەجادی

پ.د. فەرهاد قادر کەریم

پ.ی.د. ئەحمەد محەمەد مام عوسمان

پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف

پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

**دەستەی ڕاوێژکاران:**

پ.د. میشێل لیزەنبێرگ

پ.د. مارتن ڤان برونسن

پ.د. جەلیلی جەلیل

پ.د. ساڵح ئاکین

پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی

پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك

پ.د. هاشم ئەحمەدزادە



هەولێر - شەقامی هەڵەبجە

ISSN: ٢٥٢٠ - ٤١٠٦

http;//gov.krd/ka

**گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**

**هەڵەچنی**: دیاکۆ هاشمی و پ. د. دانا ئەحمەد

**ڕێکخەری کاروباری گۆڤار**: ئیمان نەجات

**بەرگ و دیزاین**: ئومێد محەممەد

**ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**:

http://journal.kurdish-academy.dev.krd

**ئیمێڵ**: journal@ka.gov.krd

**موبایل**: ٠٧٥٠٨٣٧٥٥٧٥

**چاپ**: چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠٢٥

## پێڕست


**جوانیناسی لە هۆنراوەی منداڵاندا........................................٥**

کاروان عەلی محەمەد - پ.ی.د. ژیلوان طاهر باپیر - پ.ی.د. سالار عوسمان حوسێن

**جوانکاریی واتایی لە شیعرە کوردییەکانی عەبدوڵڵا بەگی (میصباح الدیوان)(ئەدەب)دا.....٢٣**

علی مصطفی توفیق

**کێشەی ناونانی زاراوەکانی بەکارهێنەر لە موزیکیی ڕۆژهەڵاتیدا..........................٣٩**

د.عادل محەممەد کەریم - پ.ی.د.چیایی کمال سعدی

**هاوسەرگیریی بەسەروەری لە دابونەریتی کۆمەڵگای گوندنشینی کوردستاندا................٥٧**

د. حبیب مصطفی ابراهیم - پ.ی.د رضوان شریف صالح

**شەو لە شیعرەکانی (مەولەوی)دا...........................................................٧٣**

پ.ی.د. سروشت جەوهەر حەوێز - پ.ی.د. لقمان ڕەئوف

**بیناسازیی قشڵەی گوێڕ لە سەردەمی عوسمانی.................................................٩١**

م.ی حسین رفیق حسن

**زمانی ڕەنگەکان لە بواری دەروونناسیدا..................................................١١١**

م.ە- م عبدالستار نعمت آلیخانزانکۆی - پ.هـ ـم. کاوه طاهر ظاهر

**(التخطيط الاستراتيجي لإعادة تنظيم البيشمركة في بادينان)...............................١٢٥**

هيام حاجي أحمد

**لمحات من ثقافات العصرين الحجري النحاسي وما قبل الكتابة في الجزيرة السورية.....١٣٧**

أ.د. نعمان جمعة إبراهيم - عمر حسين شريف

**الانعكاسات الاجتماعية لعدم الالتزام بالقوانين المرورية في مدينة أربيل..................١٥٥**

م.م. أميد عبدالمجيد قادر - أ.د. عبدالحميد علي سعيد البرزنجي

**مؤلفات كتبت لسلاطين وملوك الأيوبيين....................................................١٧١**

أ.م د. لولاڤ مصطفى سليم

# کێشەی ناونانی زاراوەکانی بەکارهێنەر لە موزیکیی ڕۆژهەڵاتیدا

**د.عادل محەممەد کەریم**

**مامۆستا لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی - بەشی موزیك**

Email: adel.violin69@gmail.com

**پ.ی.د.چیایی کمال سعدی**

**مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین**

**کۆلێژی هونەرەجوانەکان – بەشی موزیك**

Email: chiey.saddi@su.edu.krd

**پوختەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە باس لە ئاریشەی پلەدەنگی و ڕەگەز و پەیژە و مەقامەکانی (مۆد) موزیکی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی و بەتایبەت کوردی دەکات، توێژەران هەندێک لەو زانیارییانە دەخەنە ڕوو کە پەیوەستن بە ناجێگیری و ڕەنگاڵەی زاراوە موزیکییەکانی وەک (پلەدەنگییەکان و ڕەگەز و پەیژە و مەقامەکان) لەلایەن بەکارهێنەرانی لەناو گەلی کورد و گەلانی هاوسێی کورد بەتایبەت (عــەرەب، فـارس و، تـورک). توێژینەوەکە لـە دوو بەش پێک دێت، بەشی یەکەم پێشەکی و ڕێکارەکانی توێژینەوە و شیکردنەوەی زاراوە گرنگەکانی تایبەت بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە خۆی لە دوو باس دەبینێتەوە، باسی یەکەم (فرەیی لە ژمارە و ناوی تۆن و ڕەگـەز و پەیژە و مەقامەکان)، تـوێـژەران لەڕێی کۆمەڵێک سـەرچـاوە و میتۆدی خوێندنەوە دەیانخاتە ڕوو کە پەیڕەو دەکرێن لە ناوەندەکانی خوێندنی هونەری پەیڕەو دەکرێن، باسی دووەمیش (پۆلێنکردنی ڕەگـەز و پەیژە و مەقامەکان)ە، ئەو پۆلێنە دروستە خراوەتە ڕوو، کە پشت بە هەردوو پەیژە سەرەکی و لاوەکییەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی دەبەستێت (عەجەم و ڕاست و هەندێک لە لقەکانیانە)، لە کۆتاییشدا توێژەران ئاکامی توێژینەوە و کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیار دەخەنە ڕوو، کە پەیوەستن بە برەودان و گەشەسەندنی زیاتری کرۆکیی بابەتەکە.

**کلیلەوشە:** زاراوەی موزیک، ڕەگەز، پەیژەی موزیک، مەقام، موزیکی ڕۆژهەڵاتی

## بەشی یەکەم

### ١. پێشەکی

ئاشکرایە بونیادی میلۆدی، لەسەر تۆن و میانە و ڕەگەز و مەقام و پەیژەکانە، لەوەش ئاڵۆزتر بنەمای میلۆدی وەک توخمێکی گرنگی پێکهێنەری گۆرانیی ڕۆژهەڵاتی و لە نێویشیاندا گۆرانیی کوردی لەسەر بنەمای ڕەگەز و پەیژە و مەقامەکانە، تیۆریی موزیکی پێکهاتەی دروستبوونی ڕەگەز و پەیژەی موزیکی ڕۆژهەڵاتیی جیایە لە تیۆریی موزیکی دروستبوونی ڕەگەز و پەیژەی موزیکی ڕۆژاوایی، بۆیە پێویستە زیاتر تیشک بخرێتە سەر بونیادی گۆرانیی کوردی.

کاتێک کە دێینە سەر بابەتی تیۆریی موزیک بەگشتی، بەراورد لەنێوان تیۆریی موزیکی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات دروست دەبێت زۆرێک لە فێرخوازان و ئارەزوومەندانی هونەری موزیکیش ئیرەیی بە تیۆریی موزیکی ڕۆژاوا دەبەن، کە چەندە ئاشکرا و پوخت و زانستییانە ناوی پلەدەنگییەکان یەک خراون، هەروەها ڕەگەز و پەیژە موزیکییەکانی ئەوان لە ڕووی تیۆریی موزیکی بەپێی سیستەمێک ڕێک خراون و لە بۆتە (قاڵب) دراون، بێ چەند و چوون و بەو پەڕی دڵنیاییەوە لە هەموو ناوەندە زانستییە ئەکادیمییەکانیش وەک زمانێکی یەکگرتووی هاوتا دەخوێنرێن و دەناسرێنەوە، بەڵام لە تیۆریی موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا سیستەمێکی یەکگرتووی هاوشێوە بۆ دارشتن ودرووستبوونی ڕەگەز و پەیژەکان بەدی ناکرێت. هەروەها تێکەڵبوونی مەقام و پەیژە، هەڵبەتە مەقام وەک پراکتیزەبوونی دەنگ کاتێک کە مەقامبێژێک مەقامێک دەچرێت، پەیژەش وەک لایەنی تیۆریی موزیکی ڕۆژهەڵاتی کاری لەسەر دەکرێت.

### ١.١. گرفتی توێژینەوە

لە کاتی کارکردن لە بواری گۆرانی و موزیکی کوردی، هەندێک زاراوەی موزیکی تایبەت بە تیۆریی موزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینرێت، کە زۆرینەیان زیاتر نزیکە لە زمانی کوردی و بە لێکدانەوەی واتاش هەر کوردییە، بەڵام گەلانی خاوەندەسەڵات و هاوسێکانمان لە ناوچەکە بە بەشێک لە داهێنانەکانی خۆیان ناوزەدیان دەکەن و هەژمێر کراون، لە کاتێکدا زۆرێک لەم زاراوانە جێگەی سەرنج و شرۆڤەکردن و لەگەڵ کلتووری ئەکادیمیبوون نایەنەوە، چونکە کە باس لە زانست دەکەیت دەبێت بابەتەکان بەرەهایی جێگیر بکرێن بەپێی سیستەمێک ڕێک بخرێت.

بەشێک لە توێژەران و پسپۆڕانی موزیک دەپرسن بۆ ئەو هەموو پێشکەوتنە بەسەر موزیک و گۆرانیی ڕۆژاوادا هاتووە لە کاتێکدا ئەوان تەنیا حەوت (٧) ناویان بۆ چینەدەنگەکانی موزیکیان هەیە کە بریتیین لە (دۆ، ڕێ، می، فا، سۆڵ، لا، سی) لە کاتێک بۆ گۆرانی و موزیکی ڕۆژهەڵاتی لە هەر چینەدەنگێک ناوێکی تایبەت بە تۆنەکانی دانراون و دەگۆڕێن. لێرەدا چەند پرسێک دێنە بەرباس و شرۆڤەکردن، وەک: جیاوازی چیە لەنێوان ڕەگەز و پەیژە و مەقام؟ ئایا دەکرێت مقام بیات و مقام حسێنی کە تەنها چینی دەنگییان دەگۆڕێن، دوو ناوی جیاوازیان هەبێ؟ ئایا بۆ چینە دەنگییەکانی سۆڵ لە قرار و جواب دەکرێت چەندین ناوی وەک یەگا، نوا، جواب نوا، بەکار بهێنرێن؟ بۆیە لە ڕووی زاراوە ئەوەی دەوترێت لەگەڵ لایەنە پراکتیکییە ئەکادیمییەکە نایەتەوە و وەک ئەوە وایە بڵێین (دۆ دەبڵ دێز یان ڕێ، یان می دەبڵ بیمۆڵ) لەلایەنی تیۆری و لە کاتی جێبەجێکردنیش هەر هەموو دەنگەکان بە ڕێ بژەنرێن و هەمان تۆن بن. یان لە فۆرمە کوردییەکان دەوترێت ئەڵاوەیسییەکمان بۆ بڵێ یاخود حەیرانێک یان لاوکێک یان خورشیدییەکمان بۆ بڵێ بەبێ ئەوەی ئاماژە بە زاراوەی مەقامیش بدرێت!! دەبینیت کە یەک بەکارهێنان نییە و لە هەندێک سەرچاوە بە شێوەی تر و زاراوەی دی بەکار دێن، کە پێویست

نین! بۆیە ئەم پرسانە و چەندین پرسی هاوشێوەی ئەمانە پێویستیان بە ساغکردنەوە و شرۆڤە هەیە و ئەم بابەتانە گرفتێکن لە گرفتەکانی توێژینەوەکە.

**٠.٢.١ ئامانجی توێژینەوەکە**

١- تیشکخستنەسەر زاراوە موزیکییەکان و پۆلێنکردنی پەیژەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی.

٢-ئاماژەدان بەو ڕەگەز و پەیژە و مەقامانەی کە تا ئێستا پسپۆڕانی کورد کاریان لەسەر نەکردووە.

**٠.٣.١ گرنگیی توێژینەوەکە**

١- توێژینەوەکە چوارچێوەیەکی ئەکادیمی دابین دەکات بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی ناوی دەستەواژە لەسەر بەکاربەران، و یارمەتیی توێژەران و شارەزایان دەدات بۆ لێکۆڵینەوە لە شێواز و هەڵسوکەوت و کەلتوورییەکانی پەیوەست بە موزیک.

٢- ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت پاڵپشتیی بڕیاردەران بکات لە پەرەپێدانی سیاسەتی کەلتووری و داهێنان بە ئامانجی پاراستنی موزیکی تەقلیدی و هاندانی هونەری هاوچەرخ و بەم شێوەیە پێگەی موزیکی ڕۆژهەڵاتی لە کۆمەڵگادا بەرز دەکاتەوە.

٣- ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی بازاڕکردنی موزیکی ڕۆژهەڵاتی و چ دەستەواژەیەک بۆ بەکاربەران سەرنجراکێشترە و یارمەتیی هونەرمەندان و بەرهەمهێنەران دەدات.

٤- توێژینەوەکە ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن لەنێوان کولتوورە جیاوازەکان دەکات، بە ڕوونکردنەوەی چەمک و جیاوازیی نێوانیان، کە یارمەتیدەرە بۆ بەرەوپێشبردنی دیالۆگی کەلتووری و هونەری جیهانی.

**٠.٤.١ سنووری توێژینەوەکە**

١.٤.١. سنووری شوێن: باشووری کوردستان

٢.٤.١. سنووری کات: ١٩٣٢

٣.٤.١. سنووری بابەت: ئاریشەی ناونانی زاراوەکانی بەکارهێنەر لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا

**٠.٥.١ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان**

گرنگترین ئەو ئامرازانەی کە توێژەران لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێ وەرگرتووە، بریتین لە یوتیوب، فەیسبووک، بەرنامەی سبلیوس، ئامێری مۆبایل، کتێب، تێزی دکتۆرا، نامەی ماستەر، وێبسایت و لاپتۆپ.

**٠.٦.١ میتۆدەکانی توێژینەوەکە**

توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، کار لەسەر چەندایەتی و چۆنایەتیی ڕێژەی بەکارهێنان و کاریگەریی گۆڕاوەکانی ناو توێژینەوەکە دەکات بۆ گشتاندنی دەرەنجامەکانی کۆتایی.

**٠.٧.١ پێناسە و شیکردنەوەی زاراوەکان**

١.٧.١. موزیک: ئاماژەیە بۆ ئەو وشە و دەستەواژە تایبەتانەی کە بۆ وەسف و پێناسەکردنی چەمک و تەکنیک و توخمە جیاوازەکانی مۆسیقا بەکار دەهێنرێن. واتە بریتییە لەو زاراوانەی کە لە موزیکدا بەکار دێن بۆ وەسفکردن و پێناسەکردنی توخمە جۆراوجۆرەکانی، وەک ڕیتم، پلەدەنگی (تۆن)، ڕەگەز، پەیژە، تێمپۆ، میلۆدی، هارمۆنی، میانە، کات... هتد ( https://www.google.com/search?المصطلحات الموسيقية٢٠٢٣)

**٠.٢.٧.١ پەیژەی موزیک:** بریتییە لە زنجیرەیەک پلەدەنگیی موزیکی یەک لەدوای یەک، کە دەکەوێتە ناو سنووری ئۆکتاڤێکەوە، (لە سنووری ئۆکتاڤێک) بەپێی ڕێسا و یاسای تایبەت، بڕی میانەی نێوان پلەدەنگییەکانی پەیژە دیاری دەکرێت. پەیژەکان سێ

جۆرن: ا- پەیژەی دیاتۆنیک ب- پەیژەی کرۆماتیک ج- پەیژەی نامۆ: ئەو پەیژانەن کە قەبارەی میانە دەنگییەکانی لە پەیژەی دیاتۆنیک و کرۆماتیک ناچن (اغا: ٢٠١٣، ٣٩).

**٠٣.٠٧.١ ڕەگەز (Tetrachord):** بە زۆری تەنیا تیتراکۆردێکە واتە چوار دەنگی موزیکی جیایە، هەندێک جاریش سێ دەنگی موزیکی جیایە (Tri-chord)، یان پێنج دەنگییە (Pentachord). (تیتون،: ٢٠١٦: ٣٦٦). وشەی تیتراکۆرد (Tetrachord) بە نەژاد گریکییە، وشەی (Tetra) واتای چوار دەبەخشێت، وشەی کۆرد (Chord) واتای دەنگ دەبەخشێت، تێتراکۆرد[1] سێ یان چوار نۆتەی یەک لەدوای یەکە، بەرەو ئاراستەی سەرەوە، یان خوارەوە ڕیز دەکرێن و بەهۆی قەبارە جیاوازەکانی نێوان نۆتەکانەوە جۆرەکەی دیاری دەکرێت.

**٠٤.٠٧.١ مەقام:** ئاوازێکی لیریکییە، کە یاسای دیاریکراو و سنوورداری خۆی هەیە، نەستبێژیش (ارتـجـال،improvisation) ڕۆڵی لە مۆدلەیشن و گۆڕینی ڕێچکەی ئاوازی مەقامەکاندا هەیە، یاخود گۆڕانکاری لە ڕێچکەی ئاوازی مەقامەکە بە شێوەی نەستبێژییە (ابراهیم: ١٩٨٥: ٧).

مەقام لای جەلال حەنەفی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت:) مەقامی عێراقی شێوازێکی گۆرانیوتنە، کە لە بەغداد و بەشێک لە شارەکانی باکووری عێراق ناسراوە، لەوانە شاری موسڵ و کەرکوک، لەگەڵ ئەوەی کەمێک جیاوازی لە بەکارهێنان و هەندێک لە ناوی زاراوەکان، لەنێوان گۆرانیبێژانی ئەم شارانەدا هەیە. ئەم شێوازە لە گۆرانیوتن لە کۆکردنەوە و داڕشتنی تۆنەکاندا بەپێی بنەما و ڕێسا و یاساوە دەردەکەون، کە شارەزایان یاخود مەقامبێژان بڕیار لە دروست و لۆژیکانەی چڕینەکە دەدەن، لە کۆتاییدا مەقام دەبێت چێژبەخش و واتـادار بێت)، (الحنفي: ١٩٨٣: ٣).

مـەقـام لـەلای مامۆسـتـای مـوزیـککار ئـەسـعـەد محەمەد عەلی هونەرێکی کلاسیکییە، کە ڕێسا و یاسا و پێکهاتەی تایبەت بە خۆی هەیە، (محەمەد: ١٩٧٤: ٢١).

**٠٥.٠٧.١ ڕۆژهەڵات:** مەبەستمان ڕۆژهەڵاتی ناوین (ناوەڕاست)ە: ناوچەیەکی جوگرافییە، لە وڵاتەکانی باشووری ڕۆژاوای ئاسیا و میسر پێک هاتووە. زاراوەکە لەم دواییە لە هەندێک بەستێندا پەرەی سەندووە وڵاتانی ئەفغانستان و پاکستان و ناوچەکانی قەوقاز، ئاسیای ناوەڕاست و باکووری ئەفریقاشی گرتووەتە خۆ. تەنانەت هەندێک جار وەکـوو هاوواتـایـەک بـۆ ڕۆژهەڵاتــی نـزیـک، لە بەرانبەر ڕۆژهەڵاتـی دووردا بەکار دەبردرێت، زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکەوێتە کیشوەری ئاسیاوە لەوانە (تورکیا کوردستان، سووریا، عێراق، لوبنان، ئێران، ئوردن، ئیسرائیل، وڵاتەکانی نیمچەدووڕگەی عەرەبی) (سعودیە و ئیمارات و قەتەر و یەمەن و بەحرەین و کووەیت و عومان (شەبانی :٢٠١٠، ١٤٨) بەگشتی، ئەم زاراوەیـە هەر لە سـەرەتـاوە مـژاوی بـووە و تا ئێستا بە ناوچەیەکی جوگرافیایی کە هەمـووان لەسەری کۆک بن پێناسە نەکراوە (ناوین: ٢٠١١، ٣).

**٠١.٠٥.٠٧.١ موزیکی ڕۆژهــەڵات:** موزیکی ئەو نـەتـەوانـەن کـە لـە وڵاتـانـی ڕۆژهــەڵات نیشتەجێن بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوین یان ناوەڕاست بەتایبەت نەتەوەی (کورد، تورک، عەرەب و فارس).

## بەشی دووەم

### ٠١.٠٢ فرەیی لە ژمارە و ناوی تۆن و ڕەگەز و پەیژە و مەقامەکان

زۆربەی ئەو سەرچاوانەی، کە بنەمای تیۆریی مـوزیـکـی خـۆرهـەڵاتـیـان لـەسـەر هـەڵـچـنـراوە و هونەرمەندانی کوردیش ڕاڤەی دەکەن، هیی گەلانی هاوسێن و باڵادەستانی ناوچەکەن و زۆرێک لەو

سەرچاوانە، ئەگەر لە بنەمای گۆرانی و موزیکی دێرینی کوردیشەوە هەڵهێنجرابن، ئەوا بە دڵنیاییەوە مافی کوردیان لێ پێشێل کردووە و زۆر بەدەگمەن لە سەرچاوە چاپکراوەکانی ئەواندا ناوی گەلی کورد هێنراون، بۆیە سەرچاوەی بنەماکانی تیۆریی موزیکی خۆرهەڵاتی ئەوانەن، کە موزیکناسانی (فارس، عەرەب و تورک) لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ موزیکی خۆیان و بەپێی موزیکی گەلەکانیان دایان ڕشتوون[٢]، زۆرێک لەو بنەمایانەش کە لە موزیکی ئەو گەلانەوە داڕێژراون، بۆ موزیکی کوردی ناگونجێن) (سەگرمە: ٢٠٠٣: ٧٩). بۆیە سەرلێشێوانێکی زۆر هەیە لەناو لێکۆڵەراندا بەگشتی و لێکۆڵەرانی ڕۆژاوایی بەتایبەتی، بە تێکەڵکردن و دانانی هەموو کەلتوری ئیسلامی بە عەرەبی، یاخود ئاماژەدان بە کەلتووری هەموو ئێران وەک کەلتووری تاکە نەتەوەی فارس (یاسین: ٢٠١٨: ٧٠). بۆ نموونە پۆلێنکردنی پەیژە و مەقامەکان.» کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم تیۆرە، هەڵێنجراوی گەلانی خاوەندەسەڵاتی سیاسی و گەلانی ژێردەستەی ناوچەکەن، بۆیە زۆرێک لە زاراوەکان دەتوانین بڵێین کوردی و فارسین و هەندێکی تریشیان عەرەبی و تورکین، بۆ نموونە بێینە سەر ژمارەی مەقامەکان هەر موزیسیانێک یاخود هەر تیۆرناسێک ژمارەیەک دەڵێت، کە جیایە لە تیۆرناسەکەی تر، بۆیە کارێکی ئاسان نییە ژمارەی مەقامەکان[٣] بەوردی دەستنیشان بکەین و بەتێکڕایی بڵێین ئەوەندە مەقامن!

هەندێک لە تیۆرناسانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی بە (٢٥) مەقام و هەندێک بە (٦٦) مەقام و (٣٦٠) مەقام ناوزەدیان کردووە و عەبدولوەهاب عەزاویش بە زیاتر لە (٨٠) مەقام ناوزەند دەکات (قوچمان: ٢٠١٥: ٧٤) ئەم بۆچوون و فرە ڕایە جیا جیایانەش فێرخوازانی بواری هونەری موزیکی لە بەردەم ژمارە و جیاوازیی ناونانی ڕەگەز و پەیژە ڕۆژهەڵاتییەکان (مەقامەکان) خستووەتە نێو جەنجاڵی و سەرلێشێوانەوە.

سەرچاوەی ئەم زۆری و بۆرییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە خودی مەقامێکدا چەند ناوێک کۆ بووەتەوە، ئەم ناوانەش کاتێک دەردەکەوێت، کە هەمان پەیژە و (ڕەگەز) و مەقام لە چەندین چینەدەنگی جیا جیا بگوترێتەوە. بۆ نموونە کاتێک هەمان میانەی ڕەگەزی (ڕاست) بە چوار تۆنی تەواو خوار دۆی ناوەڕاست بوترێت، یان بەرجەستە بکرێت ناوی ڕەگەزەکە لە (ڕاست)ەوە دەبێت بە (یەک گا)، بڕوانە، ئەم نموونانەی خوارەوە بە نۆتەی موزیک.




(زازا: ٢٠١٠: ٤٥)

نموونەی (١) گۆڕانی ناوی ڕەگەزەکان لە کاتی جێگۆڕکێی چینەدەنگییەکان

هەروەها ناوی تۆنە موزیکییەکانیش لە دووبارەبوونەوەی حەوت دەنگەکەی موزیکی بەپێی چینەدەنگییەکان دەگۆڕێن بۆ نموونە:




نموونەی (٢) ناوی پلەدەنگییەکانی موزیکی خۆرهەڵاتی

ئەم نموونەیە تەنیا دوو چین دەنگە لەدەنگی (یەکگا، سۆڵ) دەست پێ دەکات بۆ دەنگی وەڵامی (سۆڵ سەهم) یاخود سۆڵی دووەم. لێرەوە فرەپەیژەیی لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا دروست دەبێت، کە جۆرێک لە دەوڵەمەندی دەبەخشێت و جۆرێک لە جوانیی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی لێوە دەردەکەوێت (قەرەداغی: ٢٠٠٩: ٢٩).

بە پێچەوانەی ئەم ڕایە سەلاح ڕەوف دەڵێت: " جگە لە زۆر و بۆری ناوی پەیژە موزیکییەکان ناوی پلەدەنگییەکان ئەوەندە زۆرن کە مرۆڤ سڵیان لێ دەکاتەوە و ناوێرن توخنیان بکەون" (ڕەوف: ٢٠٠٤: ٩). ناوەکانیش بۆ خۆی و ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی تایبەتی دەوێت، چونکە لە هەندێک سەرچاوەی تری تایبەت بە تیۆریی موزیکی ڕۆژهەڵاتی هەندێک لە ناوی تۆنەکان جیاوازن.

ڕەوف پێی وایە پلەدەنگییەکانی موزیک هەر بە شێوە جیهانییەکەی بمێنێتەوە کە بریتین لە حەوت پلەدەنگییەکە (دۆ، ڕێ، می، فا، سۆڵ، لا، سی) چیی تر گوێ نەدرێتە ئەو ناوە زۆر و بۆرانەی کە بە شێوازێکی نازانستی دروست کراون، بەڵام ڕەئوف لەگەڵ ئەوەیە ڕەچاوی پلە سێچارەکە دەنگییەکان بکرێت، بۆ ئەوەی لە هەموو پەیژەیەکی مووزکیدا لای کورد بەتایبەتی و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی پەیژەی کرۆماتیک دەستنیشان بکرێت (ڕەوف: ٢٠٠٩: ٦٢). ئاشکرایە موزیکی نەتەوە جیاجیاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زۆر لەیەک

نزیکن، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کەوا لە شێوازی وتن و ژەنیندا هەریەکە تام و چێژ و ڕەنگێکی جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەم ڕەنگاوڕەنگە لە دەربڕینندا وای کردووە، کە بە شێوەیەکی گشتی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی هاوسێی کورد لەسەر زاراوەکان هاوڕا نین و هەر گەلێک زاراوەی خۆی جیا کردووەتەوە، لەم ناوەندەشدا بەپێی دەسەڵاتی ناوەندیی ئەو گەلانەی بەفەرمی دەوڵەتیان بە دەستە و نەتەوەی کوردیان بەسەردا دابەش کراون، زاراوەکان دەگۆڕێن، بۆ نموونە دەبینین زیاتر موزیکناسانی کوردی عێراق ئەو زاراوانە بەکار دێنن، کە موزیکناسانی عەرەبی وڵاتی عێراق بۆ موزیکی خۆیانیان داناوە، بە هەمان شێوە موزیکناسانی کوردی تورکیاش یان ئێران یان سووریا زاراوەکانی ئەو گەلانەی باڵادەستن بەکار دێنن و لە ئەنجامدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ موزیکی کوردییان بووە بە بەشێک لە موزیک و کەلتووری ئەو گەلانە.

هۆکارێکی تر کە لە هەموویان گرنگترە دابەشبوونی کوردستانە بەسەر چەند وڵاتێکدا کە هەر یەکەیان کەلتوورێکی جیاوازیان هەیە و چەپۆکی ئەو وڵاتانە هەر یەکەیان چنگی خۆیان بەسەر ئەو ناوچانەدا توند کردووە، بە جۆرێک لەژێر دابونەریتی ئەواندا کەلتووریان ڕەنگی داوەتەوە و سیمایان لە چوارچێوەی شارستانییەتی ئەواندا ئاوێزان بووە، ئەمەش زۆر بەڕوونی لە هەموو ڕووەکانییەوە دیارە، تەنانەت ڕەنگدانەوەیشی لە هەموو بوارەکانی تریشدا بەجێ هێشتووە. بەکارهێنانی وشەی فارسی سەرانسەری خۆرهەڵاتی کوردستان و بەکارهێنانی وشەی عەرەبی لە کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژاوا، هەروەها وشەی تورکی لە کوردستان باکووری (قەرەداغی: ٢٠٠٩: ٢٧). وەنەبێت کوردیش لە چەند سەدەیەک لەمەوبەر هونەرمەندی بواری موزیکی نەبووبێت، ئەوەتا نموونەی وەک بەدرەدینی خەتیب ئەربیلی لەدایکبووی (١٢٨٧) ز کتێبی (ارجوزه الانغام)ی بە زمانی عەرەبی داناوە (رەسوڵ: ١٩٧٩: ١١٣)، یان جەمالەدینی کوڕی خدری داسنیی کوردی لەدایکبووی (ز١٣٩٧) کتێبی (الكنز المطلوب فی علم الدوائر الضروب) ی بە زمانی فارسی و دواییش وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی داناوە (الرجب: ١٩٨٢: ٣٦) هەروەها عەبدولقادر مەراغیی لەدایکبووی (١٤١٩ز) چەند کتێبێکی داناوە، لەوانە کتێبی (جامع الألحان)ی بە زمانی عەرەبی داناوە (شارباژێڕی: ١٩٨٥: ٤٩).

سەگرمە بەبێ ناوهێنانی سەرچاوە ئاماژە بە هەندێک زاراوەی موزیکی کوردی دەکات و دەڵێت: ئەمانەی خوارەوە هەندێک لەو زاراوە کوردییانەن، کە موزیککارانی کورد لە چاخەکانی ناوەندا وەک زاراوەی موزیکی بەکاریان هێناون و هەتا ئەمڕۆش لەنێو زۆربەی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکار دەهێنرێن وەک (کورد، کوردیی، کوردان، بەختیاری، گوڵگوڵی، دڵدار، ڕاست، نیگار، گوڵزار، گوڵنار، دڵنشین، دڵگەش، زێڕگوڵە، پێشرەو، ناز، بەستە، میانە... هتد)، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە گشت چاپکراوە موزیکییە عەرەبییەکانی سەدەی بیستەمدا، بەمەبەست بێت یان بێمەبەست ئەم زاراوە کوردییانە فەرامۆش کراون و لە جێگەیاندا زاراوەی تر بەکار هاتوون) (سەگرمە: ٢٠٠٣: ٨٧). ناوی ڕەگەزەکانی (یادگار، دڵدار، بەختیار، گوڵنار، گوڵ گوڵ، گوڵزار) لە جێی ناوی ڕەگەز و مەقامەکانی (بەیات، سێگا، نەهاوەند، کورد، عەجەم، نەگریز، حیجاز) لەلایەن سەگرمەوە دابڕاوە، ئەم ناوانە جێگیر نەکراون لە ناوەندە موزیکییەکانی کوردستان وەک پێویست بەکار نایەن. ئەو زاراوانەی لە کوردستانی باشوور بەکار دێت ئەوانەن، کە لە موزیکی عەرەبیی عێراقیدا باوە و بەکار دێن، ئەوەی سەرنجڕاکێشە زۆرێک لە زاراوەکان کوردین. بڕوانە ئەم خشتەیە بۆ بینینی ناوی مەقامەکان بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی.

**خشتەی (١) ناوی مەقامەکان لە فەرهەنگی موزیکی (کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی)**

| موزیکی عەرەبی | موزیکی فارسی | موزیکی تورکی |
|---|---|---|
| مقام الرست | دستگاه راست پنجگاه | راست مەکام |
| مقام البيات | دستگاه شور | بيات مەکام |
| مقام السيگاه | دستگاه سەگاه | سيگا مەکام |
| مقام النهاوند | اواز بيات اصفهان | نيهاوند مەکام |
| مقام الكرد | اواز بيات کرد | کورد مەکام |
| مقام العجم | دستگاه ماهور | ئەجەم مەکام |
| مقام النگريز | دستگاه همايون | نيگريز مەکام |
| مقام الحجاز | دستگاه چهارگاه | هيجاز مەکام |

هەروەها سریانییەکان هەشت مەقامیان هەیە کە ناوەکانیان بە پیتی لاتینی بەم جۆرەی خوارەوەیە:

**مەقامی یەکەم:** (Baya) کە مەقامی (بەیات)ە، بە زمانی سریانی واتە (خۆشی، ئاسوودەیی، حەوانەوە).

**مەقامی دووەم:** (Hawson) مەقامی (حوسێنی) یە، بە زمانی سریانی واتە (سۆز، بەزەیی، ناسک، دڵنەرم).

**مەقامی سێیەم:** (UR-AK) مەقامی (عێراق)ە، ناوی پایتەختی سۆمەرییەکانی عێراقە.

**مەقامی چوارەم:** (Raza) مەقامی (الرصد)ە، لەلایەن تورکەکان گۆڕاوە بە (ڕاست) بە زمانی ئارامی واتە (سەلمێنراو، ڕاستکردنەوە، جێگیر).

**مەقامی پێنجەم:** (Ugo) مەقامی (ئەوج)ە، واتە بەرز بە زمانی تورکی واتە سەری تیژ بە سریانی بە واتای (گوڵ و ڕێحان) دێت.

**مەقامی شەشەم:** (Agam) مەقامی (عەجەم)ە، عەرەب دەڵێت عەجەم، واتە (نامۆ، یان غەشیم) لای تورکەکان بە واتای (وڵاتی فارس)ەکان دێت.

**مەقامی حەوتەم:** (Sba) مەقامی (صەبا)یە، بە عەرەبی شنەی نەرمی باکووری پێ دەڵێن بە زمانی سریانیش بە واتای ئارامی و سەفا و ئەم مەقامە لە بۆنەی خەماوی سریانییەکان بەکار هاتووە.

**مەقامی هەشتەم:** حاجو (Hajo) مەقامی (حیجاز)ە (ولاية: ٢٠٠٨: ٨٦).

ئەم سەرچاوەیە ئاماژە بە گەلی کورد نادات و ئاماژە بە عەرەب و فارس و تورک دەدات ئەمەش ئەوپەڕی ناحەقییە بەرانبەر گەلێکی هاوسێیان، کە نەتەوەی کوردە، کە ئەگەر غەدری زەمانە نەبێت لە ڕاستیدا بەپێی واتا و زاراوەکان زۆربەیان کوردین. هەندێک لە مەقامەکانیش یاخود ئاوازی مەقامەکان تایبەتن بە گەلانی ناوچەکە بەتایبەت کورد کە سەرمەشقیانە و ڕەنگ و مۆرکی تەواوی نەتەوەی کوردییان لەسەر بێت!! بۆیە دەوترێت لە کوردەواریدا چڕینی شێوازی (مەقام)ەکان دەبێتە دوو بەشی سەرەکی: یەکەمیان تایبەتمەندن بە گەلی کوردەوە، واتە تەنیا موڵکی خۆیەتی وەکوو: (مەقامی[٤] ئەڵڵاوەیسی، قەتار، خورشیدی، خاوکەر، ئای ئای، لاوک، سەفەر، حەیران، هۆرە... هتد. جۆری دووەمیان ئەو مەقامانەن کە لەگەڵ گەلانی دراوسێ هاوبەشن و بە خۆرهەڵاتی دەژمێردرێن و موڵکی هەموو گەلانی خۆرهەڵاتین هەر مرۆڤێکی مەقامبێژی خۆرهەڵاتی مافی ئەوەی هەیە بیڵێتەوە وەکوو مەقامەکانی: (دەشت، نەهاوەند، ڕاست، حوسێنی، بەیات، نەوا، عەجەم، سەبا، سیگا...هتد) (کاکەیی: ٢٠٠٦: ١٠).

بە شێوەیەکی گشتی تا ڕادەیەک وەک ناو لەیەکچوون هەیە، بەڵام وەک پێکهاتی ڕەگەز و مەقامەکان جیاوازی هەیە، بەتایبەت لەنێوان گەلانی دراوسێی ناوچەکە (کورد و عەرەب و تورک و فارس)، بەڵام وەک ناو لەنێوان کوردی عێراق و عەرەب هاوشێوەن. نێوان تورک و کوردی تورکیا هاوشێوەن لەنێوان فارس و کوردی ئێران هاوشێوەن[٥]، بەڵام وەک مۆرک لەنێوان گەلانی تەنیا وڵاتێکیشدا بە کۆما میانەی نێوان تۆنەکانی مەقامەکان (پەیژە)کان جیاوازییان هەیە، کە ئەم جیاوازییانە بوونەتە پێناسی مۆرکی گۆرانی و موزیکی نەتەوەکانی هاوسێ، کە ئەم جیاوازییەش

زیاتر پسپۆرانی بواری موزیک زیاتر هەستی پێ دەکەن، بەتایبەت موزیککارانی کورد و عەرەب و تورک و فارس.

## ٢.٢ پۆلێنکردنی ڕەگەز و پەیژە و مەقامەکان


لە تیۆریی موزیکی خۆراواییدا کە دەڵێین پەیژەی «معدل» (یەکسان-هاوتا) بە (کۆکی یەکسان-هاوتاش) ناو دەبرێت، باخ پەیژەی موزیکی، کە ئۆکتاڤێکی تەواوە دابەشی(١٢) نیو تۆنی یەکسان کرد، ئەم دابەشکردنە یەکسانە (ڕێژەیی)یە یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ ژەندنی هەر پەیژەیەکی موزیکی گەورە و بچووک لەسەر ئامێری پیانۆ. (فەرید: ١٩٨٩: ٦٦) لەو کاتەوە تا ئێستا بەم یاسای (معدل)ە کار دەکرێت. لە بەرانبەردا لە موزیکی خۆرهەڵاتیدا بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی دیاریکراو هاوشێوەی (پەیژەی معدل) ڕەنگاڵەیییەک بەدی دەکەین کە زۆر ئاڵۆزە و بووە بە بەشێک لەئاستەنگەکانی بەردەم موزیکژەنان، لەم دواییانەدا هەندێک تیۆرناسیی موزیکی خۆرهەڵاتی لەسەر بنەمای پەیژە دیاتۆنییەکان و بوونی چارەکەتۆن ڕەگەز و پەیژەکانی موزیکی خۆرهەڵاتیان پۆلێن کردووە بۆ دوو بەش کە بریتین لە:

١.٣. بریتییە لەو ڕەگەزانەی، لە تۆنی تەواو و نیوەتۆن پێک دێن و ژمارەیان پێنج ڕەگەزە بۆ نموونە، عەجەم لەسەر دەنگی (دۆ)[٦].

٢.٣. بریتییە لەو ڕەگەزانەی، کە چارەکەتۆنیان تێدایە، ژمارەیان سێ ڕەگەزە بۆ نموونە، ڕاست لەسەر دەنگی (دۆ). واتە بەپێی بوونی پەیژەی دیاتۆنیک، کە (تۆنی تەواو و نیوتۆن)ن یاخود بوونی چارەکەتۆن پەیژەکان پۆلێن دەکرێن، و پەیژە بنەڕەتییەکان لەسەر ئەم دوو (پەیژە)ی سەرەوە بنیات دەنرێن.

ئەم پۆلێنکردنەی خوارەوە ئەوەیە کە پشتیان بەم دوو پەیژە سەرەکییەی سەرەوە بەستووە و هەر پەیژەیەک سێ پەیژەی بنەڕەتیی تریان لەسەر بنیاد نراوە:

**یەکەم**: پەیژەی عەجەم:





نموونەی (٣) پەیژەی عەجەم

سێ پەیژەی سەرەکی، کە دێنە ڕیزی پەیژەی عەجەم


(یەکەم: نەهاوەند، دووەم کورد، سێیەم حیجاز) کە هەر یەکەیان چەند لقێکی تریان لێ دەبێتەوە:

بڕوانە نموونەی پەیژەی نەهاوەند:





نموونەی (٤) پەیژەی نەهاوەند

**دووەم**: پەیژەی کورد[٧]:





نموونەی (٥) پەیژەی (کورد)

**سێیەم:** پەیژەی حیجاز:




نموونەی (٦) پەیژەی (حیجاز)




**دووەم:** ڕاست ئەمیش لە پەیژە (مەقام)ە سەرەکییەکانە:
نموونەی (٧) پەیژەی ڕاست

(العباس: سەرچاوەی پێشوو: ٣٠)

سێ مەقامی سەرەکی دێنە ڕیزی پەیژەی ڕاست، کە ئەمانەن:
**یەکەم:** پەیژەی بەیات[٨]:




نموونەی (٨) پەیژەی بەیات

کاتێک ڕەگەزی بەیات بەدوایدا ئەم ڕەگەزانە بێت، ئەوا ئەم پەیژانەمان دەست دەکەوێت:
١- ڕەگەزی بەیات + ڕەگەزی حیجاز = بەیات شوری یان قارچغار
ب- ڕەگەزی بەیات + ڕەگەزی ڕاست = موحەیەر[٩]

**سێیەم:** پەیژەی سەبا




نموونەی (٩) پەیژەی (سەبا)

(خلیل: ١٩٨٢: ٣٧)

**چوارەم:** پەیژەی سیگا:


پەیژەی سیگاه



نموونەی (١٠) پەیژەی (سیگا)

ئەم پەیژەیەش ئەم لقانەی هەیە: (ا-هوزام، ب- موستەعار، ج- عێراق، د-بەستە نیگار، راحەت ئەرواح


ا- پەیژەی هوزام




(ڕەوف: ٢٠٢٠: ٦٣)

ئەگەر بڕوانینە ئەم مەقامە دەبینین لە دوو ڕەگەز پێک دێن، کە بریتین لە: سیگا + حیجاز


ب- پەیژەی موستەعار




ج- پەیژەی عیراق



د- پەیژەی بەستەنیگار



هـ- پەیژەی راحەت ئەرواح



نموونەی (١١) لقەکانی پەیژەی سیگا (الأمیر: ١٩٨٦: ٢٦)

گەر سەیری ئەم پەیژانە بکەین، دەبینین بە بەستنەوەی سێینەی یەکەم کە مۆرکی سیگایە و ڕەگەزی دووەم کە جۆراوجۆرن ئەم پەیژانەمان دەست دەکەوێت:

١- سیگا + ڕەگەزی راست = پەیژەی سیگای سەرەکی پێک دەهێنێت.

٢- سیگا + ڕەگەزی نەهاوەند = ئەفشاری، یان ئەوشاری

٣- سیگا + ڕەگەزی حیجاز = هوزام


٤- سیگا + ڕەگەزی سەبا = بەستە نیگار

٥- سیگا + ڕەگەزی بەیات = ئەوج


٦- سیگا + ڕەگەزی کورد = سیگا کورد

لقە دەرهێنراوەکانیش : (ا- ڕاست سوزدلارا[١٠] ب-ڕاست سۆزناک[١١])

ا- پەیژەی ڕاست سوز دلارا



ب- پەیژەی ڕاست سۆزناک



نموونەی (١٢) پەیژەی ڕاست سوزدلارا و سۆزناک

ئەمانەی ئاماژەیان بۆ کراوە دەتوانین ناوی بنێین گرووپی مەقامی سێگا، یان پێشتر گرووپی مەقامی بەیات. دەتوانین گرووپی مەقامەکانی تریش جیا بکەینەوە وەک گرووپی مەقامی عەجەم و گرووپی مەقامی حیجاز و نەهاوەند و ...هتد. و دەتوانرێت بە ناوی هەردوو ڕەگەز خۆمان لە هەندێک ناو دوور بخەینەوە، بۆ نموونە لەبری ئەوەی بڵێین مەقامی قارچغار بڵێین مەقامی بەیات حیجاز، یاخود لەبری ئەفشاری بڵێین مەقامی سێگا نەهاوەند، یاخود بۆ مەقامەکانی تریش (وەک نەهاوەند حیجاز یان نەهاوەند کورد...هتد (غازی: ٢٠١٠: ١١٧). هەر یەکە لەم مەقامە سەرەکی و بنەڕەتییانە کۆمەڵێک لقی تریان لێ دەکەوێتەوە.

هەندێک ناوی مەقام و ڕەگەزی تر هەن زۆر باو ناسراون و تایبەتن بە ناوچەگەری بۆ نموونە (هیجران[١٢]، سەفەر، حەیرانی[١٣]، غەمانگێز[١٤]، ئای ئای[١٥].. هتد). ئەمانە بە پەیژەی سەرەکی لە قەڵەم نادرێن، چونکە شێوەئاوازن نەک پەیژەیەکی سەربەخۆ و تەواو، ژەنین و ناساندنەوەیان دەوەستێتە سەر شێوازی ئەم جێبەجێکردن و ژەنینانەن، کە ئاوازبێژییان لەسەر دەکرێت (سدیق: ٢٠٢٤: چاوپێکەوتن).

لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین کە پەیژەی موزیک بریتییە لە کۆی حەوت پلەی دەنگی و بە دووپاتکردنەوەی پلەی بنکەدەنگی هەشتەم تەواو دەکرێت و پێی دەوترێت (دیوان)» (ڕەوف: ٢٠٠٩: ٦١).

بەڵام مەقام بەپێی ڕەوتی میلۆدییەکە و بەپێی ئەدای گۆرانیبێژەکە ژمارەی تۆنەکانی جێگیر نین کەم و زیاد دەکات، مەقامەکان بە ڕەگەزێک دیاری دەکرێن. ڕەگەز واتە سێ تۆن یان چوار تۆن و ڕەگەزی پێنج دەنگیشمان هەیە وەک گرێی نەگریز. ناونانی مەقام لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێن و گۆڕانکاری بەسەر ناوەکانیا دێت و نەک هەر ئەمەش بەڵکوو سەنتەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بۆ نموونە لە وڵاتی ئێران ئەم مەقامانە بە ناوی ترەوە ناوزەد کراون بە شێوەیەکی گشتی پێیان دەوترێت ڕەدیفی مۆسیقای ئێرانی، کە بەگشتی دەستگاکان حەوتن لەگەڵ پێنج ئاواز، بەم ئاوازانە دەوترێن پاشکۆی دەستگاکان، یاخود بە زمانی خۆمان پاشکۆی پەیژە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ئێران، کە ئەمانەن:

(شور، سێگاه ، چوارگاه ، پێنج گاه همایون، ماهور، نەوا، ڕاست) هەروەها پاشکۆی دەستگا سەرەکییەکانیش ئەمانەن: یەکەم/ دەشت ئاوازە و پاشکۆی دەزگای شورە. دووەم/ ئەسفەهان ئاوازە و پاشکۆی دەزگای هەمایۆنە. سێیەم/ ئەفشاری ئاوازە و پاشکۆی شورە، بەڵام لای خۆمان لقی سێگایە. چوارەم/ ئەبو عەتا ئاوازە و ئەمیش پاشکۆی شورە، ئەمەیان لە مەقامی سەفەری خۆمان زۆر نزیکە. پێنجەم/ بەیات تورک ئاوازە و ئەمیش پاشکۆی شورە (نیشابوری: ١٣٩٠: ١١) ئەمەیان تەواو مەقامی چوارگای کوردستانی باشوورە، وەک گۆرانیی (وەی حەریرە، بەهاران، ئای لە هاڕەی گۆبەرۆک و دەبارێ وەی دەبارێ).


هەر ڕەدیف و دەستگایەکی ئێرانیش بەرانبەرێکیان لە پەیژەکانی لای خۆمان هەیە وەک:

**یەکەم:** شور بەرانبەر پەیژەی بەیاتە.

**دووەم:** ماهور بەرانبەر عەجەمە.

**سێیەم:** هەمایۆن بەرانبەر حیجازە (لای ئەوان هەمایۆن پەیژەی سەرەکییە لای ئێمە حیجاز).

**چوارەم:** چوارگای ئێرانی بەرانبەر حیجاز کارە.





نموونەی (١٣) پەیژەی چوارگا- ئێرانی

**پێنجەم:** ڕاست پێنجگا مەقامی عەجەمە بەڵام لە پلەدەنگی (فا)[١٦]وە، کاری لەسەر دەکرێت. پەیژەی ڕاست لای ئێرانییەکان پەیژەیەکی سەرەکی نییە وەکوو باشووری کوردستان و عێراق.

شەشەم: بەیات تورک بەرانبەر چوارگایە.

حەوتەم: نەوا بەرانبەر نەهاوەندەکەی کوردستانی باشوورە. (سدیق[١٧] : ٢٠٢٤: چاوپێکەوتن)




نموونەی (١٤) پەیژەی نەوا

پەیژەی (نەوا) لە هەندێک گۆرانیی کوردیی دیاری نەتەوەی کورددا زۆر جوان بەکار هاتووە، ئەم پەیژەیە زۆر جار لە گۆرانیی کوردیی ڕەگەزی دووەم هەڵدەگەڕێتەوە، واتە چوار تۆنی بەرزەکە دادەبەزێت بۆ خوارەوە واتە ئیستیقراری بنکە و کۆتاییی گۆرانییەکە، یان تۆنی (می یان فا ‡) وەکوو گۆرانیی (ئای ڕەزیە) ی حەسەن زیرەک، یان گۆرانیی (گەر دەمبینی وەکوو سۆفی)ی هونەرمەند محمد جەزا بەتایبەت بەرزەکەی، یان گۆرانیی (لەو کەلە دەنگی ساز دێ)ی هونەرمەند عەلیمەردان. لەم پەیژەیەدا ئەگەر کۆتاییی ئاوازەکە لە سەر تۆنی (لا) گیرسایەوە، ئەوا دەبێتە پەیژەی نەوا، ئەگەر لەسەر (فا ‡) گیرسایەوە، ئەوا دەبێتە ئەفشاری وەک لە پارچە موزیکی (نای نەو)دا.

ئەم هەموو ناو و جۆرە لە ڕەگەز و پەیژە و مەقامەکان نەبوونەتە بەشێک لە سەرلێشێوان بۆ هەواداران و فێرخوازانی تیۆریی موزیکی خۆرهەڵات بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە پەیژەکانی موزیکەوە هەیە، لە هەمان کاتدا دەکرێت ئەمە وەک جێی بایەخدان بە موزیک و دەوڵەمەندی هەژمار بکرێن! بەشێک بن لە هۆی پێشکەوتنی پێکهاتەی موزیکی ڕۆژهەڵاتی و لە نێویاندا موزیک و گۆرانیی کوردی.

ڕاستە ئەمە سیمایەکی موزیک و گۆرانیی خۆرهەڵاتە و لەلای موزیککارانی خۆرهەڵات بەتایبەت ئەوانەی خولیای تیۆریی ڕەگەزە و پەیژە و مەقامەکانی موزیکی خۆرهەڵاتین چێژێکی تایبەتی لێ دەبینن. بەڵام ئەم فرەپەیژەیییە لە موزیکی ڕۆژئاواییدا بەدی ناکرێت و موزیکەکەشیان زۆر دەوڵەمەند و بێکێشە و بێکەموکوڕییە ، چونکە موزیکی ڕۆژئاوا هەروەک سەرەتا ئاماژەمان پێ دا پشت بە چەند پەیژەیەکی سەرەکی دەبەستێت، لەمانە پەیژەی گەورە (Major) کە مێجەر هارمۆنی و مێجەر میلۆدی لەخۆ دەگرێت و پەیژەی بچووک (Minor)

بە هەمان شێوە ماینەر هارمۆنی و ماینەر میلۆدی لەخۆ دەگرێت. بۆیە شارەزایان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر ئەم زۆری و بۆرییەی پەیژە ڕۆژهەڵاتییەکان هەیە، لەوانە فوئاد زەکەریا دەڵێت: «ئەم فرەپەیژەیییە بە هیچ جۆرێک مایەی شانازی نییە، چونکە پەیژەی موزیک تەنیا ئەو پیتانەیە کە وشە و ڕستەکانی زمانی موزیکی پێ دادەڕێژرێت، هەڵبەتە زۆریی ژمارەی ئەم پیتانە و نووسینەوەیان بە خەتێکی چاک و جوان، بە هیچ جۆرێک ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو پارچەیەی پێی داڕێـژراوە، پارچەیەکی یەکجار نایابە، هونەر لە موزیکدایە، کە پێی دانـراوە، نەک لە زۆریی ئەو پەیژانەی لە دانانیدا بەکار هێنراوە، ئەرکی موزیک بریتییە لە خەستکردنەوە و ڕێکخستنی ئەم دەنگە زۆرانــە لە قاڵبی کۆمەڵە دەنگێکی کەمی گونجاو و تـەبـای ئـەوتـۆدا کە ئاوازێکی نـایـاب و پڕبایەخ بەدەستەوە بدات» (زەکەریا: ٢٠٠٦: ٥٨–٥٩).

## ٣. ئەنجامی توێژینەوەکە

١- تا ئێستا تیۆرێکی موزیکی یەکگرتوو بۆ پەیژە و مەقام و ڕەگەزە موزیکییەکان لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات نییە.

٢- تیۆریی موزیکی ڕۆژهەڵاتی، لەنێویاندا مەقام و ڕەگەزە موزیکییەکانی گۆرانیی کوردی، هاوشێوەی گەلانی ناوچەکە جیاوازی لە ناوەکانی هەندێکیاندا هەیە.

٣- لەنێو فەرهەنگی موزیکی گەلانی دراوسێی کورددا ناوی زۆرێک لەم مەقام و ڕەگەزانە جیاوازن و وەک یەک نین. کورد لە هەر پارچەیەک ئەو ناوانە زیاتر بەکار دەهێنن، کە گەلانی زۆرینەی خاوەن دەسەڵات بەکاری دەهێنن.

٤- شـێـوازی مـامـەڵـەکردن لـەگـەڵ ئـەم ڕەگـەز و پەیژانە هاوشێوەی یـەک نین. ئەمیش بۆ خۆی ڕەنگاڵەیییەکی دروست کردووە.

٥- زۆرێک لە ڕەگەز و پەیژە ڕۆژهەڵاتییەکان تا ئێستا گوێگری کورد پێیان ئاشنا نین و ئاوازدانەران و موزیسیانانی کورد کاریان لەسەر نەکردووە.

٦- فـۆڕمـەکـانـی خـورشـیـدی، سـەفـەر، قـەتـار، ئـەلاوەیـسـی... هـەڵـقـولاوی خـاک و نـەتـەوەکـانـی کوردستانن و تایبەتن بە کوردەکان.

### ٣.١. ڕاسپاردە

لـە کۆتاییدا تـوێـژەران لایـەنـی پـەیـوەنـدیـدار لە وەزارەتـی پـەروەردە و خوێندنی باڵا و وەزارەتـی ڕۆشنبیری ڕادەسپێرن، بە:

١- ئەنجامدانی زەمینەسازی بۆ بەستنی یەکەمین کۆنگرەی موزیکی کوردی لەسەر ئاستی هەر چوار پارچـەی کـوردسـتـان، هاوشێوەی کۆنگرەی ساڵی ١٩٣٢ی قاهیرە، بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە نادیارەکان.

٢- گرنگیی زیـاتـر بـە وانـەی تیۆریی موزیکی ڕۆژهەڵاتی بدرێت لە ناوەندەکانی خوێندنی موزیک، بەتایبەت لـە بـەشـی موزیکی پەیمانگەی هـونـەرە جوانەکان و کۆلێجی هونەرە جوانەکان لە کوردستانی باشووردا.

٣- پەرە بە بەشی تاکژەنیی ڕۆژهەڵاتی بدرێت لە بەشی موزیکی پەیمانگاکان و کۆلێجەکانی هونەرە جوانەکان و بەهەندەوە بڕوانرێتە ئەم جۆرە ژەندنانە.

٤- گرنگی بە وانەی زانستیی فۆلکلۆر و شێوازی چڕینی مـەقـامـەکـان بـدرێـت بـە گشتی، بەتایبەت فۆڕمەکانی چڕینی کوردی.

### ٣.٢. پێشنیار

١- هانی نووسـەرانی پسپۆڕی بـواری موزیک بدرێت کە دەست بکەن بە کۆکردنەوەی زانیاری و نووسینی توێژینەوە و کتێب لەسەر تیۆریی موزیکی تایبەت بە گۆرانی و موزیکی کوردی.

٢- هانی ئاوازدانەرانی کورد بدرێت، کە کار لەسەر ئەو ڕەگەز و مەقامانە بکرێت کە تا ئێستا نەبراون بە گۆرانیی کوردیدا.

٣- گۆرانیبێژانی کورد پڕزانیاری بکرێن بە زانیاریی زانستیی دروست لەسەر ڕەگەز و مەقامە کوردییەکان لە ڕێگەی ڕێکخراو و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان لەم بارەوە، بۆ زیاتر خزمەتکردنی موزیکی کوردی.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:

١- ڕەئـوف، سـەلاح (٢٠٠٤)، پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆزیکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢- ڕەئوف، سەلاح (٢٠٠٩)، پۆلێنکردنی فۆڕم و پەیژەکانی مۆسیقای کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی.

٣- ڕەئوف، سەلاح (٢٠٢٠)، پەیژەکانی مۆسیقای کوردی، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٤- زازا، محەممەد (د.) (٢٠١٠)، مۆزیک و ئایدۆلۆژیای نەوت، وەرگێڕ و ئامادەکردنی: ئامانج غازی، زنجیرەی کتێبی نوێ، ژمارە ١٣٧، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، چ١، هەولێر.

٥- زەکـەریـا، د. فوئـاد (٢٠٠٦)، گوزارشـتـی مۆسیقا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عـارف، چاپخانەی یـاد، چ١، سلێمانی.

٦- سەگرمە، ع. ج. (٢٠٠٣)، لاپـەڕەیـەک لە بنەماکانی مۆزیک، ب١، زنجیرەی کتێبی ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، ژمارە ١، سلێمانی.

٧- شارباژێڕی، عوسمان (١٩٨٥)، گەنجینەی گۆرانیی کوردی، چاپخانەی ئەلزەمان، بەغدا.

٨- شەبانی، ئەحمەد (٢٠١٠)، فەرهەنگی زانستی سیاسی، وەشانخانەی زانستگای کوردستان، سنە.

٩- غـازی، ئامانج (٢٠١١)، سۆلفێجی لیریکی و ڕیتمی: خوێندنەوەیەک بۆ پەیژە مۆزیکییە ڕۆژهەلاتییەکان، چ١، چاپخانەی کاروان، هەولێر.

١٠- قـەرەداغـی، ئەسعەد (٢٠١٠)، فەرهەنگی مۆزیک، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، چ١، هەولێر.

١١- قەرەداغی، ئەنوەر (٢٠٠٩)، «سەرەتایەک بۆ مەقامە کوردییەکان: بەشی (١)»، گۆڤاری چلاوێژ، ژمـارە ٤١، هەولێر.

١٢- قەرەداغی، ئەنوەر (٢٠٠٩)، «سەرەتایەک بۆ مەقامە کوردییەکان: بەشی (٢)»، گۆڤاری چلاوێژ، ژمـارە ٤٢، هەولێر.

١٣- کـاکـەیی، هـەردەوێـڵ (٢٠٠٦)، مـەقـام و مۆزیکی فۆلکلۆریی کوردی، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک.

١٤- کەمانگەر، شـارام (٢٠٢١)، پێشەکییەک لەسەر مەقامەکانی مۆسیقای کـوردی، چ١، چاپخانەی مادیار، سنە.

١٥- یاسین، د. بەرزان (٢٠١٨)، لەناو مۆزیکی کوردیدا: سەمپۆلیژیی مۆزیک، بنەچەکانی مەقام، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

### سەرچاوەی عەرەبی

- ابراهيم، شعوبي، ١٩٨٥، دليل الأنغام لطلاب المقام،وزارة الثقافة و الأعلام، بغداد.

-اغا، ئامانج، غازى ٢٠١٣، القيم الجمالية للأغاني الكوردية وتوظيفها من مـادة الصولفتج ايقاعيا ولحنيا،رسالة ماجستير غير منشور، مقدمة الى جامعة صلاح الدين قسم الفنون الموسيقية،اربيل.

-الأمير، سالم حسين، ١٩٨٦، دليل سلالم المقامات العربية، دار الحرية للطباعة، بغداد.

- تيتون، جيف تود، ٢٠١٦، عوالم من الموسيقى،مقدمة لموسيقى شعوب العالم،الجزء الثالث،ترجمة حسام الدين زكريا،ط١، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

-الحنفي، جلال، ١٩٨٣، لمحات عن المقام العراقي، منشورات المركز الدولي لدراسات الموسيقى التقليدية، بغداد.

-خليل، شعوبي ابراهيم، ١٩٨٢، دليل الأنغام لطلاب المقام، مطبعة سلمى الفنية الحديثة، بغداد.

-الرجب، الحاج هاشم محمد ١٩٨٢،الموسيقيون و المغنيون خلال الفترة المظلمة، دار الحرية للطباعة، بغداد.

-رسول، عزالدين مصطفى، ١٩٧٩، أحمدى خاني شاعرا و مفكرا و متصوفا، مطبعة الحوادث، جامعة بغداد، كلية الآداب، بغداد.

-زازا، د.محمد، ٢٠٠٢، إشكالية العلاقة بين المنهج و المصطلح في عملية التدريس، مجلة الحياة الموسيقية عدد ٢٧،دمشق.

-العباس، د.حبيب ظاهر، ١٩٨٦، نظريات الموسيقى العربية، دار الحرية للطباعة،بغداد.

-فريد، د.طارق حسون، ١٩٨٩، مع الموسيقى العالمية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

-قوچمان،حسقيل، ٢٠١٥، الموسيقى العراقية المعاصرة في العراق،دار ميزوپوتاميا، ط٢، بغداد.

-محەمەد عەلى، ئەسعەد، ١٩٧٤، مدخل الى الموسيقى العراقية، وزارة الأعلام، سلسلة الكتب الحديثة،ط١،بغداد.

-ولاية، جميل، ٢٠٠٨، حلب بيت النغم، مكتبة دار طلاس،ط١، دمشق.

**سەرچاوەی فارسی**

-نیشابوری، علی نوروزیان، ١٣٩٠، موسیقی سنتی ایران، ئێران.

**چاوپێکەوتنەکان**

-چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ چالاک سدیق لە ٢٠٢١/٤/٢٩، ماڵی هونەرمەند، گەڕەکی زەرگەتە، سلێمانی.

-چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ چالاک سدیق لە ٢٠٢٤/٩/١٨، بینای تیپی مۆسیقای سلێمانی.سلێمانی.

**ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان**

-(https://ckb.wikipedia.org/wiki/312024/5/

(ڕۆژهەڵاتی ناوین

-https://www.google.com/search?252023/4/

المصطلحات الموسيقية

**پەراوێزەکان**

١. بە عەرەبی (جنس) بە کوردی واتە (ڕەگەز)؛ لەم دواییانەش وشەی (چواریلە) بۆ تێتراکۆرد بەکار هات، بەڵام بەپێی واتای تیتراکۆرد بێت، ئەمە ناگونجێت بۆ هەموو چواریلەکانی مۆزیکی ڕۆژهەڵاتی، چونکە ڕەگەزی مۆزیکی وامان هەیە تەنیا سێ دەنگی مۆزیکە، بۆ نموونە ڕەگەزی (سێگا) یان هەمانە پێنج دەنگە، کە بە گرێ ناوزەد کراون، وەک ڕەگەزی (نەوا ئەسەر). بۆیە توێژەر پێی باشتر بوو کە زیاتر زاراوەی ڕەگەز بەکار بهێنێت، گشتگیرترە وەک لە چواریلە.

٢. لە مێژوودا وتەیەک هەیە دەوترێت (مەغلووب لاسایی غالب دەکاتەوە)؛ ئەمە بەدەست خۆ نییە، چ شتێک بڵاو بێت و بسەپێت، خەڵک بە سروشتی ئەوە زیاتر وەردەگرێت.

٣. مەقام: هەندێک لە سەرچاوەکان مەقام بۆ پەیژەی ڕۆژهەڵاتیش بەکار دەهێنن، بەڵام مەقام جۆرێکە لە گۆرانیی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. مەقام لە دەنگی گۆرانیبێژەکانەوە ڕەگەز و پەیژە و ناوەکانیان بەپێی شوێنی سەرهەڵدانیان جیا کراونەتەوە. پێشتر پێناسەمان کردووە.

٤. ئەمانە وەک چڕین نزیکە لە مەقام، بەڵام وەک جۆر دەتوانین بڵێین ئەمانە فۆڕمی مۆزیکیی کوردیی ڕەسەنن.

٥. کوردستانی ئێران بۆ فێربوونی مۆزیک چاویان لە مۆزیکی فارسییە؛ پێش مۆزیکی کوردی فێری مۆزیکی فارسی دەبن، بۆیە لە بواری تیۆریی زانستیی مۆزیکی کوردییەوە تووشی هەڵە دەبن و مۆزیکی فارسی وەک بنەما دەبینن (کەمانگەر، ٢٠٢١: ٦).

٦. لە تیۆریی مۆزیکی ڕۆژهەڵاتی عەرەبیدا ئەم پەیژەیە لەسەر تۆنی سی بیمۆلەوە دەست پێ دەکات، بەڵام لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بە پێویستمان زانی لەسەر پلەی دەنگی (دۆ) بینووسینەوە.

٧. هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە گوایە لەم پەیژەیە ئەم لقانەی لێ دەردەهێنرێت (حیجاز، سەباکورد (زەمزەم)، تەرەزنوین، ئەسەر کورد، زەنجەران). لێکدانەوەی زانستیی ڕێساکانی مۆزیکی عەرەبی، مامۆستا (عەبدولحەمید مشعەل)، چاپی دیوانی چاپەمەنییەکانی زانکۆی جەزائیر، ١٩٨٩ (زازا، سەرچاوەی پێشوو: ٥٠).

سەبا زەمـزەم وەک گۆرانیی (ئـەرێ هۆ لەیلی - کەمال محەممەد)؛ حیجازکار: لەسەر ئەم پەیژەیە زۆر گۆرانیی کوردی داڕێژراون، لەوانە (نەشمیل نەشمیل، مۆزیکی ژاڵە، بۆت مردم ناسکە جوانێ، باخی دڵ - پەیمان عومەر... هتد)؛ ئەسەر کورد: لە کوردیدا گۆرانیمان لەسەر ئەم پەیژەیە نییە.

٨. بەیات: ڕەچەڵەکی ناوەکە سێ لێکدانەوەی بۆ دەکرێت: ١- عەشیرەتێک هەن ناویان بەیاتە، لە کوردستانی سووریا؛ دوایی هاتوونەتە ناوچەی خورماتوو؛ لە سلێمان بەگ نیشتەجێ بوون. ٢- یاخود وا لێک دەدرێتەوە، کە لە دووبەیتییەوە هاتبێت، وەک چواریلەی هۆنراوە و شیعر. ٣- هەندێ لە سەرچاوە فارسییەکان وای لێک دەدەنەوە، کە بە یادکردنەوە هاتبێت، واتە بەیادی کوردی، وەک دەوترێت بەیادی بێنەوە (سدیق، ٢٠٢١: چاوپێکەوتن).

٩. موحەیەر وەک گۆرانیی (سەبری دەڵێ من شوو ناکەم، دڵ لە حەسرەت وا لە غەمدا... هتد).

١٠. ڕاست سوزدلارا: گۆرانیی کوردیمان لەسەر ئەم پەیژەیە نییە.

١١. ڕاست سۆزناک وەک گۆرانیی (شەو و ڕۆژ لە خەیاڵ و لە بەرچاوی - عەلی مەردان).

١٢. هیجران وەک مەقامەکەی (شەرتە تا ڕۆژی حەشر - عەلی مەردان).

١٣. حەیرانی زۆربەی زۆری حەیرانەکانی دەشتی هەولێر.

١٤. غەمانگێز: وەک مەقامەکەی عەدنان کەریم (لە وتنەوەی گۆرانییەکەی محەمەدی مامڵێ: خەمی تۆم نییە) و مەقامی (ئای دۆست –ی سەید جەلالی موحەممەدییان).

١٥. ئای ئای: مەقامی (چوومە لای خومگەر – شێوە مەقامی عەلی مەردان).

١٦. وەک ئاماژەمان پێ کرد، مەقامی ڕاست بەپێی تیۆریی مۆزیکی ڕۆژهـەڵاتـی لـەسـەر پلـەی دەنگی (سـی بیمۆل) دەنووسرێتەوە، بەڵام کە دەڵێن ڕاست پێنجگا، واتە (٥) پلەی دەنگیی تەواو سەروو پلەی دەنگی (سی بیمۆل).

١٧. چالاک سدیق حەسەن: ساڵی ١٩٦٥ لە شاری کەرکووک لـەدایـک بـووە. دەرچـــووی بـەشـی مـۆزیـکی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی مووسڵە. ساڵی ٢٠١٦ بەشی مۆزیکیی کۆلێجی هونەرەجوانەکانی زانکۆی بەغدای بە پلەی یەکەم تـەواو دەکـات. چـالاک ژەنیارێکی توانای ئامێری ڤایۆلینە. هەروەها شارەزایە لە تیۆریی مۆزیکیی ڕۆژهەڵاتی، بەتایبەتی مەقام و ڕەگەزە مۆزیکییە کوردییەکان. وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، بەهۆی شـارەزاییی زۆری نـاوبـراو لەپێناو ساغکردنەوەی دروستیی پەیژە و ڕەگەز و مەقامەکان، وەک سەرچاوەیەک مۆزیسیان و گۆرانیبێژان پەیوەندیی پێوە دەکەن.

## إشكالية تسمية المصطلحات المستخدمة في الموسيقى الشرقية

**ملخص**

يناقش هذا البحث مشكلة النغمات الصوتية والأجناس والسلالم والمقامات للموسيقى الشرقية بشكل عام والكوردية بشكل خاص. ويقدم الباحث بعض المعلومات المتعلقة بكثرة مصطلحات تداولها الموسيقيون مثل (النغمات الصوتية والأجناس والسلالم الموسيقية و المقامات) من قبل مستخدميها من الشعب الكردي والشعوب الكوردية المجاورة و خاصة (العرب، الفرس، الأتراك). تتكون الدراسة من جزأين:

الجزء الأول عبارة عن مقدمة وإجراءات البحث و تعريف لبعض المصطلحات المتعلقة بمحتوى البحث. أما الجزء الثاني فيحتوي على المبحثين التاليين:

المبحث الأول هو تعدد في كثرة الأرقام وأسماء النغمات والأجناس والسلالم و المقامات وهنا يعرض الباحث الأسماء المتعلقة بالدرجات الصوتية(النغمية) والأجناس والمقامات من خلال المصادر المتوفرة لديه.

المبحث الثاني: تصنيف الأجناس والسلالم والمقامات:

وهنا أيضا يعرض الباحث التصنيف الصحيح الذي يعتمد على سلمين أساسيين هما سلم العجم وسلم الراست وبعض فروعهما. وأخيرا يعرض الباحث نتائج البحث وعددا من التوصيات والمقترحات، التي تتعلق بمواصلة تطوير جوهر الموضوع.

**الكلمات الدالة:** المصطلحات الموسيقية، الجنس، السلم الموسيقي، المقام، الموسيقى الشرقية

## The Issue of Terminology in Eastern Music

Abstract

This research explores the challenges surrounding terminology related to sound levels, scales, and modes in Eastern music, with a particular focus on the Kurdish language. The researcher highlights the inconsistency and diversity in musical terms such as sound levels, tetrachords, scales, and modes, as used by Kurdish communities and neighboring nations, including Arabs, Persians, and Turks.

The study is divided into two main sections:

1. Introduction and Methodology: This section outlines the research objectives, procedures, and definitions of key terms central to the study.

2. Key Discussions:

Discussion 1: Variability in Terminology for Tones, Scales, and Modes: The researcher examines the diverse nomenclature found in various sources, focusing on terms related to ranks, tetrachords, scales, and modes.

Discussion 2: Classification of Tetrachords, Scales, and Modes: This section provides a systematic classification based on two foundational pages—Ajam and right—along with their derivatives.

The thesis concludes with findings and recommendations aimed at advancing the understanding and development of terminology in Eastern music.

Keywords: musical terms, tetrachord, scale, mode, Eastern music